# ئەزموونگەرایی یان عەقڵانییەت؟

## (گفتوگۆیەک لەنێوان هیگڵ و هیومدا)



**کریس کریستنسن**

وەرگێڕانی: شکار وەفا

*کریس کریستنسن* مشتومڕێکی خەیاڵیی لەنێوان هیگڵ و هیومدا درووستکردووە، لێرەدا هیگڵ و هیوم مشتومڕی ئەوە دەکەن کە چۆن بتوانن ببنە خاوەنی مەعریفە(زانین)یەک دەربارەی واقیع.

گومانم هەیە هیچ دوو فەیلەسووفێک هەبن هێندەی جۆرج ڤیڵهێڵم فریدریش هیگڵ (1770-1831) و دەیڤد هیوم (1711-1776) لە ڕووی ئایدیا و بیروبۆچوونەوە تەواو پێچەوانەی یەکتری بن.
بناغەی مێتافیزیکە ڕەشناڵیست(عەقلانی)یەکەی هیگڵ لەسەر ئارگومێنتەکانی هۆکار، زۆر دوور ڕۆیشتووە و تێگەیشتنیش لێیان سەختە. لە لایەکی ترەوە، ئیمپریسیزم(ئەزموونگەرایی)یەکەی هیوم، ئەنجامەکانی لەڕێگەی ئەزموونەوە دادەتاشێت، کەسێکی ئاسایی دەتوانێت لێی تێبگات. ئەگەر بە تێروتەسەلی بڕۆینە ناو گومانگەراییەکەیەوە، هیوم باوەڕی وابووە کە دەبێت مێتافیزیک "بخرێتە ناو ئاگرەوە". ئەوکاتەی کە هیوم کۆچی دوایی کرد هیگڵ تەمەنی 6 ساڵ بوو، بۆیە هیچ پێداهەڵگژانێک لە نێوانیاندا ڕوووینەداوە. بەڵام ئەوەتا ئێستا هەردووکیان لە دەرەوەی کات و زەمەندان و دەتوانن تەواوی مێژووی فەلسەفە ببینن. هەردووکیان دەبینم کە لەسەر کورسییەک بەرامبەر ئاگرێکی خۆش دانیشتوون و جاروباریش بە دەم قسەکردنەوە قومێک لە مەیەکە دەدەن.

---

**هیگڵ**: [ئاراستە و سەرنجی لەسەر ئاگرەکەیە] باشە، هیوم، دەڵێت پێویستە مێتافیزیک بخرێتە ناو ئاگرەوە. ئەم شێوازە لە بە سووکسەیرکردنی بیرکردنەوە و تێفکرین لە دەرەوەی ئەوەی کە دەتوانین بیبینین و تێبینی بکەین لە هەڵوێست و ئەزموونێکی فەلسەفییەوە کەوتووەتەوە؟ یان بەسادەیی ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نائارامی و بێئۆقرەیی و سەختیی دۆخی خۆت بەرامبەر بە تێگەیشتن لە عەقڵی پەتی؟

**هیوم**: بێگومان ئەو ئاگرە تەنها هێمایەکە و واتایەکی تری لە پشتەوەیە. کتێبیش بە نەفرەت ناکەم و دژی نیم و بێهیوا نیم بەرامبەری، هەروەها دژی ئەوانەش ناوەستمەوە

که ئومێدەوارن قسە پووچەکانیان بکەن بە کتێبێک و بڵاوی بکەنەوە. بەڵام نایشارمەوە، بەرامبەر هەموو بابەتێک دەکەومە دۆخی بێئۆقرەیی و نائاسوودەییەوە کە بەڵگەی پێویستی نەبێت و وای نیشان بدات کە هەقیقەتێکی موتڵەق و ڕەهایە.

**هیگڵ**: تۆش هێشتا بە جۆرێک دڵنیا و موتڵەقانە دەربارەی ئەو ئەزموونانەت قسەدەکەیت کە سەرچاوەکەیان هەستەکانن؛ ئەوانەی کە تۆ پێیان دەڵێیت "هەستە قووڵ و چڕەکان".

**هیوم**: بە هەڵە لێکدانەوەت بۆ قسەکەم کرد. من شتی وام نەگوتووە. من ڕاستیی موتڵەق و ڕەها تەنها لە بیرکاری وەردەگرم، کە من بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکەم، "پەیوەندی هەیە لەنێوان ئەو ئایدیایانەی کە ڕاستن لەگەڵ ئەوەی کە پشتڕاستکراوەتەوە و گومان هەڵناگرێت". سێ لێکدانی پێنج یەکسانە بە پازدە و هەمیشە بەو شێوەیە. هەرچۆنێک بێت، **زیندووترین فیکر** بەراورد بە **هەستێکی لاواز و لێڵ**، بالاترە.

**هیگڵ**: بەڵام کانت پێی وایە ئاوەز(عەقڵ)مان پاسیڤانە زانیاری لە هەستەکانمان وەرناگرێت، بەڵکوو ئەزموونەکانمان ڕێکدەخات. بۆیە "هەستەکانمان" دروستکراوی ئاوەزی خۆمانن و بەشێکن لێیان. بە واتایەکی تر، ئێمە جیهان لە ڕێگەی ئاوەز و ئەقڵمانەوە دەناسین و لێی تێدەگەین، بۆیە جیهان بەو شێوەیەی کە ئەزموونی دەکەین لە دەرەوە ئێمە و جیا لە ئێمە بوونی نییە.

**هیوم**: ڕاستە، کانت دەڵێت ناتوانین لە جیهان تێبگەین تاوەکو ئاوەز ڕۆڵی کارا نەگێڕێت و ڕۆڵی یەکەمی نەبێت؛ هەروەها ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەمە واتا جیهانی دەرەکی - ئەوەی ئەو پێی گوتووە "شت خۆیدا(نۆمینە)" - بۆ هەمیشە لە دەرەوەی سنووری توانای ئاوەزی ئێمەیە و ناتوانین دەستمان پێی بگات.

**هیگڵ**: دژیەکی لەناو ئەم گوتەزایەدا هەیە! چۆن دەتوانێت بڵێت دەربارەی جیهانی دەرەکی هیچ شتێک نازانین، لە کاتێکدا ئەو دەڵێت کە دەزانێت بوونی هەیە و "شتێکە"؟

**هیوم**: من ئەو بابەتە بەجێدەهێڵم بۆ ئێوەی مێتافیزیکییەکان تا بۆ خۆتان یاری لەگەڵ ئەو بابەتەدا بکەن - بێگومان ئەگەر پێت وابێت ئەمە تەنها یارییەکە! بەڵام ئایدیاکەی کانت مێتافۆرەکەی بارزون دەخاتەوە مێشکم. بارزون ئایدیای ئاوەزی کانتیی لێکچواندووە بە مۆرێک کە لە واقیع درابێت. خۆشبەختانە، مێتافۆرێکی تر هەیە کە پێچەوانەی بۆچوونەکەی بارزونە. جۆن لۆک پێیوایە کاتێک لەدایکدەبین ئاوەزمان پارچە تەختەیەکی بۆش و بەتاڵە و بە ئەزموونەکانمان دەینوسینەوە و پڕیدەکەینەوە. ئەم قسەیە واتادارترە. بۆ ئەوەی لە کورتی بیبڕمەوە، هیگڵ، ئایدیاکان بەرەنجامی ئەزموونن و لە ئەزموونەوە دێن.
هەرچەندە، عەقڵگەرایەکی ئەبستراکتی وەک تۆ زیاتر کار بە داهێنان و ئایدیاکانی عەقڵ دەکات وەک لە ئەزموون!

**هیگڵ**: بەڵام هێشتا چەندین دۆز و کەیس و بابەت هەن کە سەرەتا ئایدیاکانیان لە عەقڵێکی پەتییەوە بووە و دواتر ئەزموونی و کردەییانە سەلمێندراون و خراونەتەڕوو. بۆ نموونە، دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر دیمۆکریتس و لیۆسیپەس لەڕێگەی عەقڵی پەتییەوە بوونی ئەتۆمەکانیان تیۆریزەکرد، پێش ئەوەی قوتابخانەی ئەزموونگەری نازیان بەسەردا بکات و دانیپێدابنێت.
**هیوم**: پێموایە ئەوەی ئەتۆمیستەکان کردیان تەنها بەخت بوو. بەڵام زۆرێک لەو بابەت و کەیسانە لە خەمڵاندن و بۆچوونێکی پشتڕاستنەکراوە زیاتر نین. تەنانەت جیهانی فۆرمەکانی پلاتۆش ئەزموونگەرییانە نەسەلمێنراوە، دەوێرم ئەوەش بڵێم کە تیۆری فۆرمەکەی پلاتۆ بۆ هەمیشە لەناو ئەشکەوتە میتافیزیکییەکەیدا دەمێنێتەوە و لەوە زیاتر بڕ ناکات. بە ڕێکەوت ئەوەت بە خۆت گوت کە: تیۆری ئەتۆمەکان لەلایەن قوتابخانەی ئەزموونگەرییەوە دانیپێدانراوە و پشتڕاستکراوەتەوە. دەمەوێت

ئەوەش بڵێم کە ئەگەر ئەو مەییە ئایدیاڵییەی کە پلاتۆ خواردوویەتەوە لەم شتە ناوازەیەی ئێمە دەیخۆینەوە باشتر بوو‌بێت، ئەوا کڵاوەکەی خۆمی بە دیاری پێشکەش دەکەم.

**هیگڵ**: هەردووکمان لەو بابەتەدا هاوبۆچوونین، هیوم. بە خۆشیی پلاتۆ.
[لەو کاتەدا پەرداخەکانیان بەرز دەکەنەوە و دەخۆنەوە]

با واز لە فەلسەفەی کۆن بهێنین و بێینەوە بۆ مۆدێرن.
ئێمەی عەقڵگەرا بڕوامان وایە "سەلماندنی ئەزموونی" ناپێویستە: کەسێک ئەگەر بیەوێت بگات بە مەعریفەیەک دەتوانیت هەنگاوبەهەنگاو لەڕێگەی عەقڵی پەتییەوە پێی بگات. دیکارت سەلمێنەری ئەمەیە کاتێک گەیشت بە کۆجیتۆکەی "من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم". ئەو بوونی خۆی لە ڕێگەی گومانەوە سەلماند، دواتر بە ئاگایی و وریاییەوە لەڕێگەی عەقڵی پەتییەوە سەلماندنێکی لۆجیکی بنیاتدەنێت تاوەکو تەقلە بە گومانەکە لێدات و هەڵیگەڕێنێتەوە بۆ دڵنیایی.
**هیوم**: دیکارت نوسیویەتی کە ویستویەتی بۆ چەند ڕۆژێک بە ڕەهایی بڕواتە دۆخی تەنهایی و دابڕانەوە، بۆیە خۆی لە بیرکردنەوە بە دوور دەگرێت یان با بڵێین خۆی لە بیرکردنەوە دەشارێتەوە. بەڵام تەنهاییەکەی دیکارت دوو خاڵی لاوازی سەرەکیی عەقڵگەرایی پەتیمان نیشاندەدات - پێویستی بە وردبوونەوەیەکی زۆری بێ‌هەڵە و ئەوپەڕی سەبجێکتیڤیتی(سوبێکتیڤبوون-زاتێتی) هەیە. بێرتراند ڕەسڵ بە جوانی باسی لەوەی یەکەمیان کردووە، کە عەقڵگەرایی وەک هەڕەمی هەڵگەڕاوە پێناسەکردووە، کە یەکەم خاڵ و سەرە تیژەکەی لەسەر زەویدایە. بۆیە ئەگەر یەک هەڵەی تێدا بێت - خشتێکی لاوازی تێدا بێت - تەواوی ئارگیومێنتەکە دەڕووخێت. لە لایەکی ترەوە، ئەزموونگەرایی، هیچ یەکێک لەو دوو لاوازییەی نییە. بناغەکەی فراوان و بەرینە. لە کۆمەڵێک فاکت پێکهاتووە کە وریایانە کۆکراونەتەوە. فاکتەکان لە ڕێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە سەلمێنراون. پەیوەندی هەیە لەنێوان فاکتەکاندا. زیاتر لەوەش، زۆرێک لە بیرمەندەکان لە هەوڵ و تەقەلاکانیاندا یارمەتیدەر و هەماهەنگی یەکتری دەبن -

هەوڵەکانیان ئۆبجێکتیف(ئۆبێکتیف-بابەتی و دەرەکی)یانەیە. کە بناغەکە دامەزرێندرا و پێرفێکت بوو، هەنگاوی دواتری بنیاتنان دەستپێدەکات، هەمان میتۆد بەکاردەهێنرێت و بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت. ئەگەر هەڵەیەک ڕوویدا - لە تەلارەکە خشتێک لاواز بوو - دەکرێت لاببرێت و چاک بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی تەواوی ئارگیومێنتەکە بڕووخێت.

**هیگڵ**: بەڵام ئەزموونگەرایی وەک لۆژیکی پەتی نییە، هیچ ئارگیومێنتێک بە ڕەهایی ناسەلمێنرێت. تۆ خۆت دانت بەوەدا ناوە بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی، باشترین ئەنجامێک پێی بگەین بریتییە لە ئەگەرییەکی بەرز و نزیک لە ئەنجامێکی ڕەها، نەک ئەوەی ئەنجامێکی ڕەها بێت. با بگەڕێینەوە بۆ گوتەزاکەی کانت کە دەڵێت جیهانێکی تر "لە خۆیدا"یەکی تر لە دەرەوەی ئەزموونی ئێمەدا هەیە. ئەمە ئەو بیرۆکەیە کە کانت لە ڕێگەی عەقڵەوە نیشانیداوە. ئەمە دەریدەخات کە دەتوانین دەتوانین عەقڵمان بەکاربهێنین تاوەکو ئەو مەعریفە زیاتر ببەینە پێشەوە و وردتر لێی تێبگەین.

**هیوم**: بەڵام ئایدیاکان لەخۆوە نایەن و یەکەمین نین، ئایدیاکان بەرەنجامی هەستەکانن و لە هەستەوە دێن. بۆیە تاوەکو هەستەکان بەکارنەهێنیت ناتوانیت مەعریفە بەدەستخەیت. بەڵگەشم بۆ یەکەمێتی و لەپێشینەیی هەستەکان نمونەی ئەو کەسەیە کە بە کوێری لەدایکبووە و هیچ ئایدیایەکی دەربارەی ڕەنگەکان نییە.

**هیگڵ**: ئەو کەسە کوێرە تاکە شتێک بیری لێ بکاتەوە و بیەوێت ڕەنگەکانە! بەدرووستی ئەوەی لێی کەمە ئەو هەستەیە کە تۆ باسی دەکەیت!

**هیوم**: قسەکەتم زۆر بەدڵە، هیگڵ! فەیلەسوفێکی مەزنیت! دەتوانم بە چاوی مێشکم بتبینم، لەگەڵ بیرمەند لایبانییەس گەشتدەکەیت، پێکەوە خۆتان فێری بەزاندنی بەرامبەر دەکەن، ئەو دووانەتان بەرامبەر ڕاستی تەواو کەمتەرخەمن...

**هیگڵ**: وریابە، هیوم. دەزانم ناتەوێت ڕێبازە ئەزموونگەرییە بەنرخەکەت بە چاوی مێشک" ژەهراوی بکەیت.

**هیوم**: وەڵامدانەوەیەکی زیرەکانە لەلایەن عەقڵگەرایەکەوە! تۆ پێتوایە تەواو کۆنترۆڵی عەقڵت کردووە و قۆرختکردووە- ئەزموونگەرەکان بەو شێوەیە بیرناکەنەوە. باشە، ڕێگەم بدە ئەو لێڵی و تەمومژەت بۆ ڕوونکەمەوە. گەورەترین دیاری عەقڵ بۆ مەعریفە بەئاگابوون و وریایی و چاوکراوەییەتی بەرامبەر هەستەکان. بە کورتی، عەقڵ و ئاوەز توانیویەتی بە باشترین شێوە ئاگایی بە سوودی خۆی بەکاربهێنێت. ئەمە فەنتازیا هیگڵییەکە لەناودەبات کە تەنها وەهمێکە و پڕاکتیکی نییە.
بەداخەوە، کەمن ئەوانەی درک بەمە دەکەن.
هەر بەو بۆنەیەشەوە، گوتەزایەکی دیکارتی هاوڕێت هەیە، کە پێدەچێت لە نائاگاییدا ئەوەی گوتبێت. ئەو نوسیویەتی، "پێویستە تەنها خۆمان بەو ئۆبێکتانەوە سەرقاڵ بکەین کە وا دەردەکەوێت هێزی ئاگایی و ژیرییمان توانایی و چوستیی ئەوەی هەیە کە بەدڵنیایی و بە بێگومان بیزانێت". ئەم قسەیە جوان نییە؟

**هیگڵ**: قسەکەی تەواو عەقڵانییە. مەبەستەکەت چییە، هیوم؟

**هیوم**: پێشنیارەکەی تەواو ژیرانە دەردەکەوێت. بەڵام سەرەتا سەرنجی ئەو وشانە بدە بەکاریهێناون "تەنها"، "بەدڵنیایی"، "بێگومان". ئەمانە بۆ دڵنیایی بەکاردێن. بەڵام لە گوتەزاکەدا وشەیەک هەیە کە نادڵنیایی دەگوێزێتەوە و دەریدەبڕێت. ئەو وشەیە "وا دەردەکەوێت"ە. ئەم وشەیە بۆ هەڵهاتنە - ڕوونیدەکاتەوە چۆن دەکرێت کەسێک هەڵە بێت و ناڕاست بێت، سەرەڕای ئەو هەموو دڵنیاییەی کە لە عەقڵ و ئاوەزییەوە بە دەستی دەکەوێت و لێی دەکەوێتەوە! ئەوەم بەلاوە سەرنجڕاکێش بوو.

**هیگڵ**: سەرەڕای ئەوا بەهایەکی گەورە دەدەیت بە هەستەکان و سەلماندنە ئەزموونییەکان، بەڵام لە کۆتاییدا ئاگادار و وریامان دەکەیتەوە لەوەی کە تەنانەت

دەکرێت زانستیش هەڵە بێت. هەر ئەوەیە، لە ڕاستیدا، تۆ دان بەوەدا دەنێیت زانست پڕۆسەیەکە کە بە نزیکەیی لە مەعریفە نزیکماندەکاتەوە و ناگەین بە خودی مەعریفەکە. ئەمە گۆڕانێکی بەردەوامە بۆ هێنانەدیی دۆخی نوێ، بەڵگەی نوێ. بۆیە گومانگەراییەکەت بە کۆتایی دەکات. ئێمە ناتوانین بە تەواوی هیچ شتێک بزانین!

**هیوم**: تەواو مەبەستم ئەوە نییە. دانیپێدا دەنێم کە دەکرێت گومانگەراییەکەم زۆرجار بمخاتە سووچێکەوە.

جارێکیان گاڵتەچییەک پێی گوتم من لە تەشتی مێتافیزیکدا زانست فڕێدەدەم! بەڵام زانست بە تەواوی خۆی لە میتۆدەکانی دەستکەوتنی مەعریفە ڕزگارناکات و خۆییان لێ دوورناخاتەوە. دەکرێت هەڵەی تێدا بدۆزرێتەوە و ڕاست بکرێتەوە، یان ڕەنگە بتوانین ئەو مەعریفەی هەمانە پووخت و ڕێکی بکەین. سەرەڕای ئەوەش، زانست نزیکتر دەبێتەوە لە واقیع سەرەڕای ئەوەی کە مەعریفەیەکی کاتییە - یان ڕەنگە دانی بەوەدا نابێت لە بنەڕەتدا مەعریفە کاتییە. سەرەڕای ئەو هەموو ئەنجام و هەڵێنجانانەی بیرکاری، کەچی هێشتا ناگەین بە مەعریفەیەکی دڵنیا. ئەوەش ڕاستە کە عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ بەردوام تینووی دڵنیایی و موتڵەقییەتە. هەر لەبەر ئەوەشە ئاین بوونی هەیە - یان تیۆرییەکانی ئێوە هەن - ئەمانە بۆ هەمیشە لەگەڵمان دەمێننەوە.

**هیگڵ**: بەڵام تیۆرەکەی من ئاینی نییە. هیچ پەیوەندیی بە ئاینی مرۆڤەوە نییە. بناغەی تیۆرەکەم بیرکردنەوەی عەقڵانی و فڕێدانی بیرکردنەوە پڕووپووچەکانە بڕوام وەها نییە کە ژیان گەشتێک بێت بۆ مرۆڤایەتی و مرۆڤایەتی لە گەشتێکدا بێت. ئێمە لێرەین تا پەرە بە خود-ئاگایی جیهان بدەین، کە ئەوەش ئاگایی ئازادییە. لە چین دەستیپێکرد، دواتر لە هیندستان، ئێستاش لە ئەوروپا، مرۆڤایەتی بە هێواشی گەشەی بە ئاگایی بە ئازادی و ئازادی ڕاستەقینە داوە، کە ئەمە لە بەرامبەردا دەچێتە ناو ئاگاییەکی گەورەتر بە ئازادییەوە، تاوەکوو...

**هیوم**: - تاوەکو - ئەگەر هەڵەم گوت بۆم ڕاست بکەرەوە - مرۆڤایەتی گەیشتووە بە دۆخێکی ئایدیاڵی ئاگایی پەتی، کە تۆ پێی دەڵێیت عەقڵی پەتی یان ڕۆحی پەتی.

**هیگڵ**: ئێستا ڕۆیشتیتە ناوەوەی ڕۆحی خۆت، هیوم!
لەڕاستییدا، واقیع دروستکراو و بەرهەمی عەقڵە. لە سەرەتادا عەقڵ ئاگادار و بەئاگا نەبووە لەمە: جیهانی وەک شتێکی سەربەخۆ لە خۆی بینیووە، تەنانەت وەک نەیار و بێگانەیەک سەیری کردووە. ئەمە ڕەنجاندن و دوورکەوتنەوە بووە لە واقیع، هەوڵی دا لێی تێبگات و شکستی هێنا. ئەوکاتە سەرکەوت کە بە ئاگا هاتەوە و تێگەیشت لەوەی کە واقیع درووستکراوی عەقڵە. دواتر زانی کە هیچ شتێک نییە لە دەرەوەی خۆی و هەموو ئەوەی هەیە لەناو خۆیدایە. بەپێچەوانەوە، واقیعی ئۆبێکتی فیکرە و فیکریش واقیعێکی ئۆبێکتیڤە.
**هیوم**: بێگومان، ڕەسڵ "عەقڵی ڕەها"کەتی بە جۆرێک لە خودا ناوبردووە: "بە ڕاستی خودا پرۆفیسۆرە" - عەقڵ لەناو بیرکردنەوەکانی خۆیدا نیشتەجێیە! ئەم بابەتە هەمووی ناوازە و سەرنجڕاکێشە، تەنانەت ئەگەر پووچیش بێت. بزانە ڕاستم یان نا. ئەو بزوێنەرەی کە هاندەر و سوڕێنەری ئەم گەشتە مێتافیزیکییەیە دیالەکتیکەکەتە. یەکێک لە قۆناغەکانی ئەم گەشتە ئەوەیە کە کەلتور وەک گەشەسەندوویەکی بەردەوام حاشای لێکراوە و دووخراوەتەوە: خۆت بەم شێوەیە ڕوونت کردووەتەوە، تێز دەگات بە ئەنتی تێز؛ پێکدادانێک دروست دەبێت، هەردووکیان تێکەڵ دەبن و سێنتێز دروست دەبێت، کە ئەمیش دەبێتەوە بە تێزێکی نوێ و بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.

**هیگڵ**: من هەرگیز ئەو دەستەواژانەم بەکارنەهێناوە. ئەوانە لەلایەن شوێنکەوتە و قوتابییەکانمەوە زیادکراون و داهێنراون. بەڵام، بەڵێ، پێشکەوتنێکی قۆناغ بە قۆناغ هەیە. هەر قۆناغێکی کەلتووری مرۆڤ پێشکەوتن و پەرەسەندنێکە لە ئاگایی مرۆڤدا تاوەکوو دەگەین بە قۆناغی "عەقڵی ڕەها".

ئەو قۆناغە ئایدیاڵییە چیتر پێویستی بە "ئەنتی تێز"ێکی تر نییە.

**هیوم**: پێم بڵێ، کاتێک دەگەینە ئەو دۆخە پێشکەوتووە چی بەسەر جەستەماندا دێت؟ لە جەستەمان جیادەبینەوە و وەک جۆرێک لە نەشوە و مەستی بەرز دەبینەوە بۆ ئاسمانێکی فیکری؟

**هیگڵ**: شتەکەت تەواو سووک کرد، هیوم. هەرچەندە بۆ ئەم فیکرە کاریگەرە ئەو کاردانەوەی تۆ شتێک نییە پێی ئاشنا نەبم، بە تایبەت بۆ کەسێک کە شەرم لەوە بکات گەڕان و لێکۆڵینەوەی مێتافیزیکی بکات و خۆیی لێ بە دوور بگرێت. بەداخەوە، ناتوانم باس لە وردەکارییەکانی کۆتا پێگە و مەکانی ئاگایی بکەم.

**هیوم**: بمبوورە، هیگڵ، بەڵام تۆ دەتەوێت بەم خۆپیرۆزکردن و نمایش و خۆ بە جددی دەرخستنەت زەبر لە من بدەیت. هەرچەندە، تەلارە مێتافیزیکییەکەت لە ئەنداز بەدەر جوانە. تیۆرەکەت ناوازەیە - نموونەیەکی بەرز و بێوێنەیە لە زیرەک و دەستکەوتی عەقڵی. ئەمە تۆی بردووەتە لوتکەی فەلسەفەی ئایدیالیزمییەوە. هەرچەندە جێگەی داخە کە بۆنێکی زۆر پیسی لێوە دێت. بەڵام شتێکی چاوەڕواننەکراویش نییە، چونکە تۆ شوێنکەوتەی عەقڵگەراکانی وەک فیساگۆرس، پارمێندیس و پلاتۆیت، لە سەروو هەموویانەوە دیکارت، سپینۆزا و لایبنێتزیت.

**هیگڵ**: من ئەمە وەک ستایش وەردەگرم، هیوم. ئەمەی ئێستا پێی گەیشتووم بەهۆی پێشینەکانمەوە بووە. سەرەڕای ئەوەش، فەلسەفەکەی من گشتگیرە. دیالەکتیکی مێژوو پرۆسەیەکە؛ ئەوە لەناو نابات کە پێشتر ڕوویداوە.

**هیوم**: بەڵام لەکۆتاییدا تەلارە ناوازە و سەرسوڕهێنەرەکەت ئاینییە، سەرەڕای ئەوەی کە گوتەزا و بۆچوونەکانت پێچەوانەی ئەمەن. ئەمە ئەو شتەیە کە لە عەقڵگەرایی پەتیدا مایەی پێکەنین و بە جۆرێک ئایرۆنییە. بانگەشەی وردی لۆژیکی بیرکاری دەکات، بەڵام لە کۆتایدا ئەنجامەکانی پێویستیان بە ئیمان هەیە تا بڕوا بە ڕاست و

درستیان بکەیت. گومان دەکەم ئێوەی عەقڵگەرا بەردەوام پەرۆشی ئەوەبن کە ئایدیاکانتان لەلایەن ئەزموونگەرەکانەوە پەسەند و قبوڵ بکرێن و مۆری ئەوانی پێوەبێت.

**هیگڵ**: دیموکریتس و ئەتۆمەکانیت لەیاد بێت. ڕەنگە ڕۆژێک بێت تیۆرە مێتافیزیکییەکەم لە ڕووە ئەزموونگەرییەکەوە سەلماندنی بۆ بکرێت - ئەمە ئەگەر دوو هەزار ساڵیشی پێ بچێت، هەر ڕوودەدات!

**هیوم**: جیاوازییەکی گەورە لەنێوان بیرکردنەوەی تۆ و دیموکریتسدا هەیە. لە کاتێکدا هەردووکتان کار بە عەقڵی پەتی دەکەن، بەڵام تیۆرییەکەی تۆ مێتافیزیکییە، دەربارەی ئامانج و کۆتایی گەشەی مرۆڤایەتییە. لە لایەکی ترەوە، دیموکریتس پێشنیاری بوونی فیزیکی ئەتۆمەکان کردووە. تۆ مێتافیزیکیت، ئەو فیزیکییە. با ئەوەشمان لەبیرنەچێت، ئەو ماتریاڵیست بووە. تیۆرییەکەی ئەو لەلایەن ئەزموونگەرەکانەوە سەلمێندراوە. گومانم هەیە ئەوەی تۆ بسەلمێنرێت.

**هیگڵ**: تۆ گومانت لە هەموو شتێک هەیە، هیوم. ئەوەش بەلای منەوە زۆر گاڵتەجاڕانەیە. هەروەها لە سەدەی بیستەمدا گومانگەراییەکەت گەیشت بە ئەنجامە جەرگبڕەکەی - فەلسەفەی شیکاری. پێدەچێت ئێستا فەلسەفەی ئەو فەلسەفەیە مردبێت کە بیرکردنەوەی تێدا بێت. لە ئێستادا ڕۆڵی فەلسەفە تەنها بووە بە شیکاری و ئەنالیزەکردن و کارکردن لەسەر زمان. هێشتاش لەم دۆخەدا ناکرێت تیۆرییەکەم بە هەڵە بخرێتەوە.

**هیوم**: ئەرک و بەرپرسیارێتی کەسی گومانگەر نییە گوتەزا و بانگەشەیەک بە درۆ بخاتەوە؛ ئەوە ئەرکی بانگەشەکارە کە ئەوەی بانگەشەی بۆ کردووە بیسەلمێنێت. بەڵام دەتوانیت خەون ببینیت، هیگڵ؛ خەونەکانیشت هەرگیز کۆتایی نایەن. تەنانەت

له سەدەی 21یش هێندە دۆست و شوێنکەوتەت هەیە تاوەکوو مەشخەڵەکەت هەڵبگرن، یەکێکیان ڕیتمی ناوەکەی وەک ناوەکەی خۆتە - نەیگڵ [تۆماس نەیگڵ]. لەلایەن ماتریاڵیستەکانەوە دارکارییەکی باش کرا لەسەر ئایدیاکانی دەربارەی ئاگایی. هەرچەندە پێم وایە کاردانەوەکان بەرامبەری کەمێک هەڵەشە و بێ بیرکردنەوە بوون.

**هیگڵ**: بەڵێ، ئاگاداری نەیگلم - کابرا ئەمریکییەکە دەڵێیت. لە ڕاستیدا ئەو هەوڵ دەدات پانتایی و زەمینەیەک لەنێوان ئایدیالیزمەکەم و ماتریاڵیزمدا بدۆزێتەوە، بەوەی کە بۆشایی و کەلێنێک هەیە لەنێوان شیکاری و ڕوونکردنەوەکانی زانست و ئاگاییدا.
دەڵێت زانستە فیزیاییەکان دەتوانن لێکدانەوە بۆ ڕەفتار و پێکهاتە فیزیاییەکانی ئۆرگانیزمەکانی وەک ئێمە بکەن، بەلام ناتوانن لێکدانەوە بۆ ئەزموونە سەبجێکتیڤییەکانمان بکەن، وەک، چۆنیەتی دەرکەوتەی شتەکان لە ڕوانگە و بینینە جیاوازەکانی ئێمەوە.
ئەو دەڵێت، ئەم کەلێن و بۆشاییە وێنەدانەوە و بەرپەرچێکی قووڵی جیاوازی مێتافیزیکییە لەنێوان ئاگایی و مێشکدا - لەنێوان هۆش و ماددە.
بۆ وا دەزانیت دووالیزم مردووە؟
بوونی ئەو و بەرگری تۆ لە ئایدیاکەی وزە و هاندانێکی باشە بۆ من.

**هیوم**: من بەرگریم لە ئایدیاکەی نەکردووە.

**هیگڵ**: نەخێر، بەلام وا دەردەکەوێت هۆشداری بدەیت لەبارەی ڕەخنەکانییەوە.

**هیوم**: حەزم بە کاردانەوەی بێ بیرکردنەوە و هەڵەشانە نییە. بەلام ئەو ئایدیایەی نەیگلم بەدڵە کە دەڵێت زانست سنووردارە، سەرەڕای مەعریفەکەی دەربارەی دیدگا خودییە جیاوازەکان. هەرچەندە، دەڵێت ئەمە بەهۆی گۆڕانی بایەلۆژییەوەیە و ئەم گەشە و گۆڕانە بایەلۆژییە ڕۆڵێکی زیاتری هەیە وەک لە پرۆسێسە فیزیکییەکە - ئەوەی کە تیۆری گۆڕان و پەرەسەندن یەکگرتوو و هەماهەنگترە لەگەڵ لایەنە عەقڵییەکەدا.

**هیگڵ**: بەڵام پێویست ناکات تیۆرییە مەزنەکان خوداباوەڕی بن، هیوم. دەتوانرێت وەک فۆڕمێکی درێژەپێدراوی تێگەیشتن ببینرێت کە لایەنە عەقڵییەکەش تێیدا بەشدارە، بەڵام هێشتا زانستییە.

**هیوم**: بێگومان سەرنجڕاکێش و جێی سەرنجە. بەڵام هەنگاوە گەورەکەی تری بۆ من زیاتر جێگەی سەرنجە و کاریگەری زۆری لەسەر دانام، کە پێی وایە ئاگایی لەم گەردوونەدا ئامانجی هەیە.

**هیگڵ**: هیوم، پێویستە ڕێگەبدەیت خەیاڵت کەمێک بفڕێت. با وا دابنێین قۆناغێکی تر هەیە - کە پۆست گومانگەرییە. سەرێکی گوریسەکە بەستراوە بە قۆناغی دواترەوە و سەرەکەی تریشی بەستراوە بە ناوقەدی تۆوە. پێشبینی من وایە، هاوڕێکەم، هەرگیز زۆر لە پۆست گومانگەریی دوور مەکەوەرەوە و، هەمیشەش گوریسەکەی دەستت بە توندی بگرە.

**هیوم**: ئەی تۆ؟

**هیگڵ**: من بۆ هەر شوێنێکی بمەوێت دەڕۆم، چونکە سەرەڕۆم و بەدوای مەعریفەی باڵاتردا دەگەڕێم.

**هیوم**: هیگڵی ئازیز، کاتێک گوریسەکە بە هێزەوە ڕادەکێشیت، لە دەستت بەردەبێت و دەڕواتە ناو تەمومژی مێتافیزیکەوە. بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم سەرەڕای جیاوازییەکانمان بەڵام بیرم دەکردیت و خۆشم دەوێیت. بە خۆشیت، هیگڵ! بە خۆشی فەلسەفەوە!

**هیگڵ**: بە خۆشیی فەلسەفەوە!

---

سەرچاوە:

Hegel & Hume Talk It Over: Chris Christensen, philosophynow.org